ڕەشید و حەکیم جەخت لەسەر پێویستی سەرکەوتنی هەڵبژاردن و بەدیهێنانی خواستەکانی گەل دەکەنەوە

عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆماری عێراق و عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی حیکمەی نیشتمانی، ئەمڕۆ یەکشەممە لە بەغدا گفتوگۆیان لەسەر ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان و پێویستی سەرکەوتنیان کرد

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی کۆمار کەدەستی موتەبع کۆتووە، سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، لەگەڵ سەید عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی حیکمەی نیشتمانی کۆبوونەوە.

وتیشی لە میانی دیدارەکەدا کە ئەمڕۆ یەکشەممە 20-2025 لە بەغداد بەڕێوەچوو ، باس لە پێشهاتی دۆخی سیاسی و گشتی وڵات کراو، هەروەها ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی وڵات تەوەرێکی تری دیدارەکە بوو کە تیایدا جەختکرایەوە لەسەر پێویستی پشتیوانیکردن لە هەموو هێزو و ئامرازەکان بۆ سەرخستنی هەڵبژاردن و بەدیهێنانی ویستی هاووڵاتیان.س